ڕووداو
# ئەدەب و کولتوور
ژمارە (17) دووشەممە 2017/5/1
www.rudaw.net
email: bijar.hekim@rudaw.net



ژمارەی داهاتوو:

» گفتوگۆ لەگەڵ نیگارکێش گرفتار کاکەیی

» لەبارەی فیلمی شاژنی کاتوێ

# خەڵاتی 2017ی مەڵبەندی مامڵێ دەدرێتە مەزهەری خالقی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

خەڵاتی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و هونەریی مامڵێ بۆ ئەمساڵ دەبەخشرێتە مەزهەری خالقی و ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتەکەش لە کۆتایی مانگی ئایار لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەدەچێت.

مەڵبەندی ڕۆشنبیری و هونەریی محەممەد مامڵێ ڕایگەیاند کە بۆ ئەمساڵ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد خەڵاتی 2017ی مامڵێ پێشکەش بە هونەرمەندی ناوداری کورد مەزهەری خالقی دەکرێت.

مەڵبەندی ڕۆشنبیری و هونەریی مامڵێ ئەوەشی ڕوون کردەوە کە بۆ ئەمساڵ لەبەر چەند هۆکارێک نەیانتوانی ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتی ساڵانەی مامڵێ لەکاتی خۆیدا بەڕێوەببەن.

بڕیارە ڕۆژی 21ی ئایار لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا لە ستۆکهۆڵم و بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە هونەرمەند و نووسەران مەڵبەندی مامڵێ خەڵاتەکە ببەخشێتە هونەرمەند مەزهەری خالقی.

پێشتریش هەریەک لە هونەرمەندان عەزیز شارۆخی، قالە مەڕە و عەباس کەمەندی خەڵاتی مامڵێیان وەرگرتووە.

مەزهەری خالقی، ساڵی 1938 لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە دەستی بە کاری هونەری کردووە و لەلای ڕۆستەم موقەدەس فێری سۆلفێچ و مەقامی فارسی بووە. ساڵی 1957 بۆ ماوەیەک لە شاری سەقز مامۆستای ناوەندی بووە.

ساڵی 1958 شاری سنەی بەجێهێشتووە و لە زانکۆی تاران وەرگیراوە و لە هەمان زانکۆدا بەکالۆریۆسی لە فیزیک و دواتریش ماستەری لە بەڕێوەبەرایەتیی پیشەسازی بەدەستهێناوە.

ساڵی 1983 هاتووەتە باشووری کوردستان و لە ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەی سەرگەڵو بەرگەڵو کاری کردووە. دواتر چووەتە بەریتانیا.

مەزهەر خالقی ساڵی 2002 گەڕایەوە باشووری کوردستان و ناوەندی ئادانی لە شاری سلێمانی کردەوە کە دواتر بوو بە ئینستتیوتی کەلەپووری کورد.



# گرفتار کاکەیی تابلۆ ئیرۆتیکییەکانی بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کاریکاتێریست گرفتار کاکەیی ڕایگەیاند کە بڕیاری داوە کۆمەڵێ لە تابلۆ ئیرۆتیکییەکانی بڵاوبکاتەوە.

کاکەیی کە یەکێکە لە کاریکاتێریستە دیارەکانی کورد، جگە لە کاریکاتێر، بە شێوەکاری و کاری نووسین و وەرگێڕان و مۆسیقاشەوە سەرقاڵە.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئەدەب و کولتووری ڕووداو کە لە ژمارەی داهاتوو بڵاودەبێتەوە، دەڵێت ئێستا کاتی ئەوەیە هەندێ لە تابلۆ ئیرۆتیکییەکانی بڵاوبکاتەوە.

گرفتار کاکەیی هەروەها دەشڵێ: "چەند شیعرێکم هەن خۆیان لە قوتابخانەی ئیرۆتیک نزیک کردووەتەوە، ئەوە جگە لە چەند کاریکاتێرێک کەتا ئێستا نەمتوانیوە بە هۆی نزیکییان لەو قوتابخانەیە بڵاویان بکەمەوە، بەڵێ دەبێ ئێمە وەکو هونەرمەند پەیاممان هەبێت بۆ کۆمەڵگە، بۆنموونە خودی هونەری کاریکاتێر پەیامێکی سەردەمیانەیە و پێش کۆمەڵگە کەوتووە و هەمیشە شتی تازەی پێیە، بەڵام ئێستا بەهۆی دوورکەوتنەوەم لە کوردستان و نیشتەجێبوونم لە ئەڵمانیا، هەوڵ دەدەم نووسین و تابلۆ ئیرۆتیکییەکانم بڵاو بکەمەوە".



## نووسەرێکی سویسری

# کتێبێک لەبارەی یەڵماز گونەی بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور


نووسەر و فیلمسازێکی سویسری یادەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ یەڵماز گونەی، دەرهێنەری کۆچکردووی ناوداری کورد لە کتێبێکدا بڵاودەکاتەوە.

ئێد هۆپشمێت، نووسەر و فیلمسازی سویسری لەو کتێبەدا کە بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە، باسی زۆر وردەکاری ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەریی فیلمسازی ناوداری کورد یەڵماز گونەی دەکات.

گونەی کە بە باوکی سینەمای کوردی دادەنرێت، ساڵی 1937 لەدایک بووە، چەندین خەڵاتی جیهانی لە بواری فیلمسازیدا بەدەستهێناوە کە گرنگترینیان خەڵاتی فێستیڤاڵی ( کان) بوو لە ساڵی 1982.

یەڵماز گونەی لە گوندێکی بچووکی باکووری کوردستان گەورە بووە و دواتر لە ئەنقەرە و ئیستەنبوڵ خوێندنی یاسا و ئابووریی تەواو کرد.

گونەی پاش ئەوەی لە زیندان هەڵدێ، بە هاوکاریی هۆپشمێت و هەندێ لە دۆستانی نزیکی، دەگاتە فەرەنسا و پاش ساڵانێک ژیان لەوێ، لە 9ی ئەیلوولی 1984 لە پاریس بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێ بەخاک دەسپێردرێ.



# پەیکەری وەفایی شاعیر لە مهاباد دادەنرێ

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی نووسەران و هونەرمەندان لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەردە لەسەر پەیکەری شاعیری ناوداری کورد " وەفایی " لادرا.

پەیکەرەکەی وەفایی لەلایەن هونەرمەندی پەیکەرتاش " ڕێبین حەیدەری" دروستکراوە کە خەڵکی شاری بۆکانە.

میرزا عەبدولڕەحیم سابڵاغی ناسراو بە "وەفایی"، شاعیرێکی ناوداری کوردە و ساڵی (1844) لە شاری مهاباد لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و حوجرەی لە مهاباد تەواو کردووە و هەرلەوێش مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە.

وەفایی ساڵی 1902 لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفید و سەید ئەحمەدی خانەقا و شێخ مستەفای شێخ عەبدولسەمەدی قازی و حاجی تۆفیقی پیرەمێرد چووە بۆ حەج و لە گەڕانەوەیدا تووشی نەخۆشی دەبێ و لە عەرەبستانی سعودی کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێ بەخاک دەسپێردرێ.

# ئیرۆتیك لە هونەری فۆتۆگرافیدا

■ هێرۆ کوردە



ئیرۆتیک وەک جوانییەکی تەلیسماوی خۆی تێکەڵی هەموو بەشەکانی ئەدەب و هونەر کردووە. لە کاری فۆتۆگرافیدا، هونەر و جوانبینی مەرجی سەرەکییە، هەڵبژاردنی گۆشە و رووناکی و پاشان ئەو بەشەی جەستە کە مەبەستە وێنەی لێ بگیرێت هزرێکی هونەرمەندانەی دەوێ، چونکە جەستە خاوەنی کۆد و شیفرەی تایبەت بەخۆیەتی، ڤالێری داوامان لێدەکات هەرکەسە جەستەی خودی خۆی کەشف بکات و شیفرە سەرسوڕهێنەرەکانی بکاتەوە، جەختیش دەکاتەوە کە دەبێت مرۆڤ توانای ئیستغلالکردنی جەستەی خۆی هەبێت. لە بواری فۆتۆگرتندا زۆرجار جەستە ئیستغلال دەکرێت و بەکار دەهێنرێت بۆ نیشاندانی بیرێک، ئایدیایەک، یانیش هەر نیشاندانی جەستە بەمەبەستی خستنەڕووی نهێنییەکانی رووح. جەستە فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە، لە فکری هاوچەرخدا بە یەکێک لە رێگە بنەڕەتییەکانی گوزارشتکردن لە خود هەژمار دەکرا، لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە جەستە یەکەم شتە کە تاک دەیدۆزێتەوە و مامەڵەی لەگەڵ دەکات، جەستە ماتریاڵێکی کەتوارییە، تەواوی ویستەکانی مرۆڤ لە پێناو رازیکردنی جەستەیە، جەستەی خود و جەستەی ئەویتر کە جەستەمان دەیەوێ نزیکایەتی بکات، ئەمەش دەبێتە بناغەی دروستبوونی فۆتۆی ئیرۆتیکی (رووت). ئەم جۆرە فۆتۆیە بە لایەنێکی گرنگی هونەرە جوانەکانی تایبەت بە فۆتۆگرتنی تیشکی هەژمار دەکرێت. جەستە خود دەکات بە خودێکی تەواو، چونکە رووحی مرۆڤ پەیوەندییەکی راستەوخۆ و راستەوانەی لەگەڵ جەستە هەیە و جەستە نمایشکاری دۆخەکانی رووحە، واتا هەردوو لایەنی فیزیکی و دەروونی (رووحی) یەکتر نیشان دەدەن، ئەو شتە وردانەی جەستەیش، ئەوکاتە لە وێنەیەکدا رەنگدانەوەیان دەبێت، کاتێک لە نزیکەوە سەیری وێنەکان دەکەین و لێیان رادەمێنین، هەرچەندە فۆتۆی ئیرۆتیکی مەبەستی زۆرە و هەر هونەرمەندێک کە کار لەسەر فۆتۆ و پەیکەر و تابلۆی ئیرۆتیکی دەکات، بەجۆرێک لە جۆرەکان داکۆکی لە هونەرەکەی دەکات، بەڵام دواجار هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە کارکردن لەسەر جەستە بە مەبەستی دۆزینەوەی رووحە، چونکە رووح ئەو شکڵ و شێوەیەیە کە جەستە نیشانی دەدات.

"مێژووی سەرهەڵدانی فۆتۆی ئیرۆتیکی"

بەهونەرکردنی رووتبوونەوە و داماڵینی جەستە، هی ئەم سەردەمە و زەمانە جەنجاڵە نییە کە هەم جەستەی مرۆڤەکان نرخی نەماوە هەم رووحیش هێندە تەماوییە، ئاسان نییە نیشان بدرێت، سەرچاوەکەی هی سەرزەمینێکی پڕ ئایدیا و هەست و باوەڕ و کولتوورێکی زۆرە کە زۆر دوورە لە سەردەمەکەی ئێمە. ئەو سەردەمە سەردەمی جەوهەر بوو، ئایکۆنوگرافیای رووتی، بە ئەندازەی کۆنیی مرۆڤەکان کۆنە، لە سەردەمی گریکەکاندا وێنەی رووت وەک یەکێک لە ئاسەوارە بەنرخەکان تەماشا کراوە، هەروەها کێشانی پێوەندییە سێکسییە سروشتییەکان و دەگمەنەکان (شواز) لە تابلۆکاندا رەواجی زۆر بووە. ئەو سەردەمانە کە تێیدا هەم هونەر باڵا بوو، هەم مرۆڤیش بە ئەرزش بوو، کە تێیدا جەستە دەکرایە نوێنەری رووح و لە کارە هونەرییەکاندا نیشان دەدرا، جەستەی رووت گەورەترین نموونەی گواستنەوەی ماددەیە بۆ شکڵ، ئەو سەردەمە ئەو جۆرە هونەرە بەکار دەهات بۆ گوزارشتکردن لە نموونەی باڵا و نیشاندانی سیفەتە مرۆڤایەتییەکان و بەشێوەیەکی تایبەت لە هونەری یۆنانییەکاندا رەنگدانەوەی هەبوو، مێژوو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە رووتبوونەوە لە شارستانێتییەکانی رۆژهەڵاتی دوور دەستپێکرد و تۆیەکەی گەیشتە هونەری رۆژئاوا، بەتایبەتی بۆ سەردەمی هێلێنستی یان بەر لە زاین، ئەم جۆرە هونەرەش درێژەپێدەری وێنە و پەیکەری رووتی سەدەکانی ناوەڕاستە کە پاش دەسەڵاتداربوونی کەنیسە و پیاوانی ئایینی کەوتنە بەرهێرشی لەناوبردن، بەڵام تا ئەمڕۆ ئاسەواری ئەو جەستە رووتانە ماونەتەوە، چونکە هێند کەم نەبوون بەئاسانی لەناوببرێن. رووتی کردەیەکی نوێ نییە، چونکە مرۆڤ بە رووتی لەدایک بووە، سەرەتای مرۆڤایەتی کۆمەڵگەکان بەرووتی ژیاون، داهێنانی خۆداپۆشین و بەرگریکردنی جەستە بە پێستی ئاژەڵ و گەڵای رووەک بەهۆی گۆڕانکاریی کەشوهەوا و گۆڕینی ژینگە و گوزارشتکردن لە حاڵەت و دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی بووە. لە سەردەمانی پێشوو بەکارهێنانی رووتی بۆ مەبەستی دیاریکراو و گرنگ و پیرۆز بوو، یۆنانییەکان وێنەی خواوەند و فریشتە و پاڵەوانەکانیان بەڕووتی دەکێشا، ئەم نەریتەش تا سەردەمی کلاسیک و رۆمانی درێژەی کێشا، هەرچەندە فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمانە و بەتایبەتی ئەفلاتوون گرنگییان بەجەستە نەدەدا، (ئەفلاتوون هەمیشە دەستەواژەی خۆت خۆت بناسەی هەبوو، ئەمەش مەبەست لە جەستە نەبوو، بەڵکو جەختکردنەوە بوو لەسەر دۆزینەوەی رووح و زیهن، لەسەر بنەمای فەلسەفەکەی کە بایەخی زۆری دەدا بە دەروون)، فەلسەفە کۆنەکان زۆرتر جەختیان لەسەر فەرامۆشکردنی جەستە و کەوتنە شوێنی دەروون کردووەتەوە، سوقرات گوتوویەتی: "ئەرکی گەورەی من گەڕانە بە شوێن گەنج و پیر و منداڵ و ئامۆژگاریکردنیان کە هەرگیز بەجەستە کاریگەر نەبن و هەرچی چاکەکاری هەیە پێشکەشی رووحی بکەن".

ئەم هونەرە کەوتە بەر هێرشی پیاوانی کڵێساکان و داپۆشینی پەیکەر و وێنە رووتەکان بە گەڵای هەنجیر، پاشان دووبارە لەسەردەمی رێنیسانسی ئەورووپی دەرکەوتەوە و زیاتر کاری دەکرد بۆ نیشاندانی جەستەی جەنگاوەران و وەرزشوانان و سەماکاران، ئەمەش بۆ گوزارشتکردن لە هەستی بنەڕەتی کە گوزارشت لە وزەی مرۆڤ و جوانییەکانی ئەفراندن و داهێنان بوو، هاوکات لە وڵاتی میسریشدا فۆتۆی ئیرۆتیکی هەبووە، مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، فۆتۆگرافەرێک بە ناوی ڤان لیۆ ئەرشیفێکی زێدە دەوڵەمەندی فۆتۆی ئیرۆتیکی کچانی میسری وەک میراتێکی هونەری جێهێشت. کچانی مۆدێل، بەشێک بوون لە بناغەی سیستەمی خوێندنی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی میسر لە ساڵانی حەفتاکان، کۆلێژی هونەرە جوانەکانی میسر ساڵی 1908 دامەزراوە، شانبەشانی وانەکانی زمانی فەرەنسی و ئیتاڵی، نمایشکاری رووت هەبوون کە فۆتۆیان دەگیرا و وێنەیان دەکێشرا، یەکەم مۆدێلی کچیش کچی عەبدولوەهاب هەیکەل بوو کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆلێژەکە، ئەو وێنە رووتانەی دەگیران زیاتر وێنەی کچانی میسری بوون و لەلایەن وێنەگرانی بیانییەوە دەگیران، وێنەکانیش دەکرانە پۆستکارت و لەگەڵ نامە و پیرۆزبایی دەنێردران.

"فۆتۆی ئیرۆتیکی ئایینی"

زۆربەی پەرستگەکانی ئاینی کریستیان و هیندی بە وێنەی مرۆڤ و فریشتەی رووت رازاونەتەوە، چونکە ئەوکات هونەر لە خزمەتی ئایندا بووە، ئەو تابلۆ و پەیکەرە هەڵکۆڵراوانەی لە پەرستگە و ئەشکەوتی هیندییەکاندا ماونەتەوە، هەندێکیان زۆر رووت و راستەوخۆن، ئەمەش وەک بەشێک لە نەریتی هندۆسییەکان ماوەتەوە کە سێکسکردنیان پیرۆز تەماشا کردووە، هەروەها پەیکەری ڤینۆسی خواوەند کە دۆزرایەوە، رووت بوو. لە شارستانیەتی بابلیدا پەیکەری رووتی خوداوەندی زاوزێ دۆزراوەتەوە، لە هونەری کۆنی میسری و هیندی و ژاپۆنیشدا پاشماوەی وێنەی ئیرۆتیکی هەن. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە لە ئەفسانە ئاینییەکاندا رووتیی پیرۆز بووە، چەمکی رووتبوونەوە لای یۆنانییەکان بەسترابووەوە بە خواپەرستییەوە، یەکێک بوو لە بنچینە گرنگەکانی عیبادەت کە بەسترابووەوە بە بیرۆکەی (وەک چۆن خوداوەند ئەفراندوومی) ، یەکەم بەرهەمی هونەری رووتەمەنی، تابلۆ رووتەکەی هونەرمەندی ئەڵمان (هانز بێهام)ە کە ساڵی 1452 کێشابووی و دروشم و مانای وێنەکە بریتی بوو لە (رووتبوونەوە یەکەم گوناه نییە، خواردنی سێوەکە یەکەم گوناهە)، گەشەسەندنی هونەری وێنەی رووت پاش هاتنی ئاینی مەسیحی بوو، هەندێ لەو وێنانەی کە هی سەردەمەکانی ناوەڕاستن و ماونەتەوە، وێنەی (مەریەم) ن بە مەمکی رووتەوە کە شیر دەدات بە عیسا، ئەمەش وەک نیشاندانی شیرپێدان وەکو کردەیەکی بێگەرد نەک سێکسی، هەمیشەش وێنەی ئادەم و حەوا بە رووتی دەکێشرێت وەک نیشانەی یەکەم ساتەکانی ژیانی ئینسان بەر لە گوناهکردن، هەروەها وێنەی عیسا بە خاچەوە هەمیشە رووتە، بۆنیشاندانی ئازارەکانی مرۆڤی رووت و دەرخستنی برینەکانی عیسا. رووتی زۆرجار بە ئاینەوە دەبەسترێتەوە وەک نیشاندانی بێگوناهی، مایکل ئەنجیلۆ لەم بوارەدا داهێنانی زۆرە و یەکێک لەکارەکانی تەواوکردنی کارێکی ناتەواوی هونەرمەندێک بوو کە وێنەی پێغەمبەر داوود بوو. ئەم پەیکەرە بەرزییەکەی شەش مەترە و ناوی نا (داڤید) و لە ساڵی 1504 تەواوی کرد. بەڵام ئەم هونەرە لە ئاینی ئیسلامدا نییە، چونکە جەستە لە ئاینی ئیسلامدا لە شتە قەدەغەکراوەکانە و کێشانی جەستەی پەیامبەر یان خوداوەندێک کوفری رەهایە.

پاش خوداوەندەکان، هونەرمەندەکان جەستەی مرۆڤیان وەک نموونەی باڵا هەڵبژارد بۆ کارەکانیان، جەستەی ژنانیش پشکی زۆرینەی بەرکەوت. ژن بووە کەرەستەیەکی هونەری و هەمیشە کێشمەکێشمی بوو لە نێوان بەهونەرکردن و بە سێکسیبوون. لەڕووی فیزیکییەوە ژن هارمۆنی و باڵانسێکی خودایانەی هەیە، بەڵام گرنگە بزانرێت چۆن ئەو باڵانسە دەبینین، یان بەرجەستەی دەکەین، لەبەرئەوەی زۆربەی کات فۆتۆ ئیرۆتیکییەکان کار لەسەر جەستەی ژن دەکەن، دەبێت کارەکە هێند ورد بێت کە نەبێتە مایەی وورووژان. کینیس کلارک دەڵێ "سێکس بەمانا شەهوانییەکەی نابێت ببێتە بابەتی هونەریی رووت، چونکە هونەر داماڵینە نەک رووتبوونەوە، ئامانجیشی وورووژانی سێکسی نییە، گەر بووە مایەی وورووژاندن، ئەوکارە هونەر نییە و کارێکی قەڵب و درۆینەیە، لە میانەی کارکردن لەسەر جەستەی ژن ناکرێت تەنیا جەستەی ببینرێت، جەستەی ژن دوا شتە کە هەیە، وەک کەرەستەیەکی سێکسواڵێتی، چونکە هارمۆنییەتی ژن پێش سێکس دەستپێدەکات". (1)

ئەفرۆدیت کە پەیکەر و وێنەکانی رووتن، سێکسی نییە، چونکە ئەفرۆدێت کە خوداوەندی جوانی بووە، لەکارە هونەرییەکەشدا جوانیی رووح و جەستەی پێکەوە نیشاندراوە. (ئەو پەیکەر و وێنانەی لە پەرستگە هیندییەکاندا هەبوون کە وێنەی سێکسکردنی نیشان دەدا، لەم رۆژگارەدا رەواجیان نییە و لە مۆزەخانەکانی ئەورووپاشدا چیتر نیشان نادرێن).

(1) شەهرام قادر، دیمانە، گۆڤاری ژن، 2016، لا 45

سەرچاوەکان

1_ سمیه بیدوح، فلسفه الجسد، 2009
2_ حیان دیب، NUDE LIGHT او التصویر العاری، موقع خوابی، 2016
3_ صباح زوین - هکذا أفهم الجسد، موقع رساله الحب، 1999،
4_ ابراهیم الحَیْسن، الجسد ونوافِذ الغوایهِ فِی الفنِّ التَّشْکِیلِی، موقع ثقافات، 2013
5_ غاده قدری، جمالیات جسد العاری، موقع رساله حب، 2016
6_ ایفان دراجی، مفهوم التجرد و التعری، موقع ایفان دراجی، 2016).

# چۆن ئارگومێنت دروست بکەین؟

■ ئێندرۆ رایت

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

■ ساڤان ئاکۆ

## ئارگومێنت چییە؟

ئارگومێنت دەربڕینێک یان چەند دەربڕینێکە کە کەسێک یان چەند کەسێک لە رێیەوە و لەسەر بنەڕەتی لۆژیک و زانست، راستی و دروستیی ئایدیایەک لەسەر بابەتێک دەسەلمێنێت یان دەسەلمێنن.

## دروستکردنی ئارگومێنت:

دەتەوێت ئارگومێنتێک دەرببڕیت، دەتەوێت بیسەلمێنیت کە ئارگومێنتی لایەنی بەرامبەرت نادروستە و هی تۆ دروستە، بەڵام هەستی بەرامبەرەکەت چۆن دەبێت کە هەڵەبوونی دەسەلمێنیت؟ رەنگە دان بە هەڵەبوونی خۆیدا بنێت، بەڵام لێرە بەدوا بەرامبەرت هەستێکی باشی نابێت. گرنگیی بەوە دەدەیت؟ ئەوە شتێکی باش نییە، چونکە کاتێک گفتوگۆکاران رقیان لە یەکتر دەبێت، ئیتر لە نێوانیاندا هاوکاریکردن گرانە.

گەر هەستت کرد ئارگومێنتی لایەنی بەرامبەرت نادروستە و گرنگە هەست بە هەڵەبوونی بکات، کەوایە لێرەدا هاوکاریی بکە تا خۆی درکی پێ بکات. بە جۆرێک رەفتار مەکە لە رێزی کەم بکەیتەوە. هەندێک لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا، دەیانەوێت لە گفتوگۆکەدا براوە بن، نەک لەپێناو خەمخۆرییان بۆ ئایدیا دروستەکە.

## چۆنێتیی دروستکردنی ئارگومێنت

**یەکەم:** سەرنجی ورد بدەرە ئارگومێنتی پێشکەشکراو و چۆنێتی بیرلێکردنەوەی لەلایەن کەسی پێشکەشکارەوە.

**دووەم:** هەوڵ بۆ دۆزینەوەی بیرۆکەیەک بدە کە هەردوولاتان لەسەری کۆک بن، بەتایبەتی گرنگترینیان. هەروەها بەردەوام ئاماژە بەو خاڵە بدە، کە رای تۆیە.

**سێیەم:** پێشنیازی دووبارەکردنەوەی دیدار و گفتوگۆکردن دوای گەیشتن بە ئایدیا سەرەکییەکە بکە، ئەوە وادەکات هەردوولاتان هێمنانە کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنن.

**چوارەم:** لە کاتی هەڵەبوونتدا، بە ئامادەیی و ڕوونییەوە دانی پێدا بنێ، چونکە لایەنەکان کەمتر دووچاری زەحمەتیت دەکەن کاتێک خۆت دان بە هەڵەبوونتدا دەنێی. ئەمە وادەکات ئەوانی تریش ئامادەیی ئەوەیان هەبێت دان بە هەڵەبوونیاندا بنێن.

**پێنجەم:** کردەوەکانت بەرمەبنای گوفتارەکانت بن، بە جۆرێک کە وشەکانت هاوچەشن بن لەگەڵ رێزگرتنیان، سەرەڕای هاوڕانەبوونت. نابێت ئارگومێنتەکەت و کەسایەتیت تێکەڵ ببن و لە دژی کەسایەتیی بەرامبەر بن. گرنگە گوفتارت نە زیاد لە پێویست توند بێت و نە هێندەش نەرم بێت کە لاواز دەربکەویت.

**جۆرەکانی ئارگومێنت لای ئەرستۆ**

## ئیتۆس

لێرەدا ئارگومێنتێک دەردەبڕیت و لایەنی بەرامبەر باوەڕت پێدەکات، چونکە متمانەی پێت هەیە. بە هۆکاری ئەوەی رەنگە لە ڕابردوودا و لە گفتوگۆی چەند بابەتێکی دیکەدا، ئارگومێنتەکەت دروست بووبێت. هەندێک کەسیش متمانەیان پێ دەکرێت، چونکە خاوەنی پێگەیەکی دیارن. ئیتۆس لە ڕابردوودا رێگەیەکی سەرکەوتووانە بووە بۆ چۆنێتیی دەربڕینی ئارگومێنت.

## لۆگۆس

پێویستە هەندێک کات لۆژیکییانە ئایدیاکەت تاووتوێ بکەیت و سەرنج بخەیتە سەر ئایدیا سەرەکییەکەت. دەبێت بەڵگەی ڕاست و سەلمێنندراوت بەدەستەوە بێت، نەک پشت بەوە ببەستێت کە "کەسێک وەهای گوت"، یان "دابونەریت وایە" یاخود "زۆرینە بڕوایان بەو جۆرەیە"، بەڵکو دەبێت ئارگومێنتەکەت لۆژیکی و گونجاو بێت.

## پاتۆس

بە گڕوتینەوە گفتوگۆکەت دەکەیت، وا دەردەکەویت کە ئاماژە بۆ ڕاستییەکی سەلمێندراو دەکەیت، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە هەستی خۆتە و دەریدەبڕیت. گەر توانات هەبێت ئەو هەست و ئایدیایانە دەرببڕیت کە لایەنی بەرامبەرت تێیدا هاوڕایە، ئەوکات براوەیت.

ئارگومێنتی کاریگەر لەسەر شکۆ و ڕێز، ترس و خۆشەویستی بەندە؛ ئەم ئارگومێنتە کاریگەرانەن کە ڕۆڵیان هەبووە لە گۆڕینی مێژوودا و لە ڕێگەیانەوە کەسەکان قایل بوون بە کردنی کاری بوێرانە. گەر هەرسێ جۆرەکەی ئەرستۆ بۆ ئارگومێنت کۆبکەینەوە، ئارگومێنتێکی ئەوپەڕی کاریگەر دروست دەبێت. پیشانی بدە کە کەسێکیت دەکرێت متمانەت پێ بکرێت، پیشانی بدە ئایدیا و گوفتارەکانت بەندن بە بەڵگەی سەلمێندراو و دروستەوە. بە گڕوتینەوە ئارگومێنتەکانت دەرببڕە، بە جۆرێک بە باشی بۆ گوێگرەکەت بگوازرێتەوە.

سەرچاوە:

Communicate Successfully, Andrew Wright

# لە وێستگەی شەمەندەفەردا





■ چیرۆکی: هێرتا مولێر
■ وەرگێڕانی: هەرمان

شەمەندەفەر لە وێستگەکەوە بەڕێکەوت، خەڵک بە دویدا هەڵدەهاتن و بەدەست تەکاندان خواحافیزییان لە خۆشەویستانیان دەکرد. لە پشت یەکێک لە پەنجەرەکانی شەمەندەفەرەوە پیاوێکی لاو وەستابوو، شووشەی پەنجەرەکە دەگەیشتە ژێر شانەکانی. دەسکە گوڵێکی سپیی ژاکاوی بە سینگییەوە نابوو. نیگای سارد و بێ گیان بوو. ژنە لاوێکی پشت کووڕ دەستی منداڵەکەی گرتبوو دەیبردە دەرەوەی وێستگەی ڕێی ئاسن. شەمەندەفەر بەرەو مەیدانی شەڕ دەڕۆیشت. تەلەفزیۆنم کوژاندەوە . لە ناوەڕاستی ژوورەکە باوکم لە تابووتێکدا ئۆقرەی گرتبوو، دیوارەکانی پڕ بوو لە تابلۆی وێنە، بە جۆرێک کە دیوارەکان هەر نەدەبینران، لە وێنەیەکدا باوکم تا نێوقەدی لەسەر کورسییەک داهاتبووەوە. وێنەیەکی دیکە باوکمی بە جلوبەرگی زاوایەتییەوە نیشانددەدا، هەڵبەت تا نیوەی سینگی لە وێنەکەدا دیار بوو. لە بەشێکی دیکەی ئەو وێنەیەدا دایکم بە دەسکە گوڵێکی سپیی ژاکاوەوە دەبینرا. لە وێنەکەدا سەریان لێک نزیک کردبووەوە. هێندە لێک نزیک ڕاوەستابوون کە گوێیان پێکەوە نووسابوو. لە وێنەیەکی دیکەدا باوکم شەق و ڕەق لە پشت حەسارێکەوە ڕاوەستابوو. بەفر تا سەر چەکمەکانی داپۆشیبوو. سپیایی بەفر هێندە زۆر بوو کە دەتگوت باوکم لە بۆشاییەکدا وەستاوە. لەو وێنەیەدا باوکم دەستەکانی لە چەشنی سڵاوی نیزامی تا سەر سەری هەڵێنابوو. لە وێنەیەکی دیکەدا باوکم بێڵێکی لەسەر شانی دانابوو. لە پشت سەری چڵە گیایەکی گوڵە پێغەمبەرەی زۆر درێژ هەبوو. کڵاوی سەری باوکم سێبەرێکی گەورەی ساز کردبوو کە دەموچاوی تەواو داپۆشیبوو. لە وێنەیەکی دیکەشدا لە پشت فەرمانی کامیونێک دانیشتبوو. کامیون پڕ بوو لە مانگا. باوکم هەموو هەفتان مانگاکانی دەبردە کوشتارگەیەک لە شار. لەو وێنەیەدا ڕوخساری باوکم کز بوو، ڕواڵەتێکی سارد و جددیی هەبوو. لە تەواوی وێنەکاندا نیگای باوکم بێ ڕۆح بوو، بە جۆرێک دەیڕوانی کە دەتگوت هەر نازانێ چی بکا. بەڵام بەڕاستی باوکم هەمیشە دەیزانی دەیەوێ چی بکا. هەر بۆیە وام هەست دەکرد ئەو وێنانە هەموو شتێک بە پێچەوانە نیشان دەدەن. تەواوی ئەو وێنانە درۆیین بوون و فەزای ژوورەکەیان سارد نیشان دەدا.

دەمویست لەسەر کورسییەکەم هەستم، بەڵام دەتگوت جلەکانم وەک داری وشکیان لێ هاتووە و بە کورسییەکەوە نووسابوون. بەرگێکی ناسک و ڕەشم لەبەردا بوو. بۆ هەر لایەک دەڕۆیشتم دەنگی تەقوتۆق دەهات. هەستام و بۆ لای باوکم چووم. دەستم بە روخساریدا هێنا. روخساری باوکم لە تەواوی ئەو شتانەی لە ژوورەکەدا بوون ساردتر بوو. لە دەرەوە هەوا خۆش بوو. هاوین بوو. مێش هەڵدەفڕین. ڕێگەیەکی خزاوی و پڕ لە ڕەڵمی قاوەیی بە درێژایی گوند هەبوو. لە شەوقدانەوەی سەرسوڕهێنەری ڕەڵمەکان چاو ماندوو دەبوو. لە کۆتایی ڕێگەکە گۆڕستانێکی بەردین هەبوو. سەر گۆڕەکان بە بەردی "بۆلدێر" داپۆشرابوو. چاوم لە بەرپێم کرد. بەری کەوشەکانم تەواو سوابوون. من تەواوی ئەو ماوەیە لەسەر پەتی کەوشەکانم دەڕۆیشتم. پەتی کەوشەکانم کە درێژ و قورس ببوون، لە دوامەوە لەسەر عەرز دەخشکان. دوو پیاوی کورتە باڵا بە بیچمێکی سەیرەوە تابووتیان هەڵێنا و بە دوو تەنافی دڕاو لە ماشێنی مردووکێشیان هێنایە خوارێ و لە گۆڕیان نا. تابووتەکە زۆر قورس بوو. دەستی دوو کەسەکە دەگەڵ تەنافەکان هەردەم زیاتر دەکێشرا. سەرەڕای ئەوە کە لە هەموو وڵات وشکەساڵی بوو، گۆڕەکە پڕ ببوو لە ئاو. یەکێک لەو پیاوە کورتە باڵایانە کە مەستی کردبوو گوتی: باوکی تۆ زۆری خەڵک کوشت.

**گوتم:** دەی ئەو لە شەڕدا بووە و بە خاتری هەرکام لەو بیست و چەند کەسەی کوشتبووی مەدالیایەکی وەرگرتبوو. ئەو پاش شەڕ دەیان مەدالیای هێنابووەوە. پیاوە کورتەباڵاکە گوتی: ئەو تەنانەت بەزەیی بەو ژنەشدا نەهات کە لە مەزرای شێلمان کاری دەکرد و ئازاری دا. ئێمە بەیەکەوە بووین. هاوڕێی چوار سەربازی دیکە. کاتێک کە دەمانویست لەوێ بڕۆین، ئەو ژنە کە خەڵکی ڕووسیا بوو، خوێناوی ببوو. نەمانتوانی ئەو ڕووداوە لەبیر بەرینەوە و ئێستاش لە مێشکی هەمووماندا ماوە. پیاوە کورتەباڵاکە لە درێژە دا **گوتی:** وا بزانم کۆتایی پایز بوو، گەڵای دارەکان بە هۆی سەرما و سەهۆڵبەندانەوە ڕەش ببوون و بەستبوویان.

هەر قسەکانی تەواو بوون، بەردێکی گەورەی لەسەر تابووتەکە دانا. پیاوێکی دیکە کە ئەویش مەست و کورتەباڵا بوو، گوتی: بۆ سەری ساڵ چووینە ئۆپێرایەک، لە یەکێک لە شارە بچووکەکانی ئاڵمان. دەنگی گۆرانیبێژی ئۆپێرا وەک قیژەی ژنە ڕووسەکە بە ئازار بوو، بۆیە هەمووومان یەک لە دوای یەک ساڵۆنەکەمان جێهێشت. بەڵام باوکی تۆ تا کۆتایی ئۆپێرا هەر لەوێ مایەوە. ئەو شەوە گوێمان لە هەر ئاوازێک بووبا دیسان وەبیر قیژەکانی ئەو ژنە دەکەوتینەوە کە لە مەزرای شێلم بوو. پیاوە مەستەکە لە شەرابی سەر مێزەکەی خواردەوە. دەنگی قاڕوقووڕێکی سەیر لە زگی دەهات. پاشان ئەویش تاتە بەردێکی گەورەی هەڵگرت و لەسەر تابووتەکەی دانا. ئەو پیاوەی لە ناشتنی مەیتەکەدا سەری قسانی کردبووەوە و لە پەنا خاچێکی مەڕمەڕی سپیدا ڕاوەستابوو، بۆ لای من هات. هەردوو دەستی لە گیرفانی پاڵتۆیەکەی دابوو. دەسکە گوڵێکی بە قەد بەری دەستی لە کونی دوگمەی پاڵتۆیەکەی نابوو. گوڵێکی ناسک و جوان بوو. کاتێک گەیشتە لای من دەستەکانی کە مست کردبوو، لە گیرفانی دەرهێنا. دەیەویست دەستەکانی بکاتەوە بەڵام نەیدەتوانی. لە روخساریدا ژان دەبینرا. فرمێسک لە چاوانیدا قەتیس مابوو. گوتی: لە شەڕدا ئێوە ناتوانن لەلای هاونیشتمانیانتان بن. ناتوانن فەرمانیان بدەنێ. پاشان بەردێکی گەورەی لەسەر تابووتەکە دانا. پیاوێکی قەڵەو هات و لە کنی ڕاوەستا. سەری بە لوولەیەک دەچوو کە ڕوخساری نەبێ. گوتی: باوکت دەمێک ساڵ بوو باجی لە من وەردەگرت. کاتێ مەست دەبووم پارەکانی دەدزیم.

# دۆستۆیڤسکی.. ئەو قومارچییەی هەرگیز دەستەمۆ نەکرا



■ سەنگەر زراری

فەرەنجییەکان بۆئەوەی سەرنجی دەوڵەمەندان و ئەو کەسانە بۆ خۆیان ڕابکێشن کە ئەگەری ئەوە هەیە بەشداری یاریی قومار بکەن، ڕێگایەکی زیرەک و زۆڵانەیان بەکارهێنا، ئەوان گازینۆ و یانەی تایبەتیان دروست کرد و باشترین جۆری خواردن و خوارنەوەیان لەوێ پێشکەش دەکرد و جوانترین کەلوپەل و کورسی و مێز و قەنەفەیان دادەنا، خزمەتێکی باشی میوانەکانیان دەکرد، بەمەش دەوڵەمەندەکان و قومارچییەکان، هەستیان بەوە دەکرد کە وەکو کەسانی ئاستباڵا و کەسانی ڕێزلێگیراو سەیر دەکرێن، بۆیەش یانەکانی قومار زیاتر سەرنجی ڕادەکێشان و هاتوچۆی ئەو قومارخانانەیان دەکرد و دەستبەرداری یاریی قومار نەدەبوون.

بێگومان (سەرەڕای خراپییەکانی)، کەچی بە درێژایی مێژوو، سەردەمێک نادۆزیتەوە قوماری تێدا نەکرابێت و بەردەوامیش بەپێی سەردەمەکان، یاریی قومار گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، تا دەگاتە سەردەمی ئێستای تەکنەلۆژیای نوێ کە جگە لە جۆرە کۆنەکانی قومارکردن، قوماری ئەلیکترۆنییش داهێنراوە. قومار، یارییەکی جادووییە و دەتوانێ مێشک و خەیاڵی قومارچییان داگیر بکات، هەموو کەسێک دەزانێ کە قومار لە چەندین ڕووی ماددی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە زەرەر و زیانی بۆ مرۆڤ هەیە، پێش هەمووشیان، قومارچییەکان ئەوە دەزانن، بەڵام هێشتاش ئەوانەی قومار دەکەن، ناتوانن وازی لێ بهێنن.

بە درێژایی سەردەمەکان، بە هەزاران و ملیۆنان کێشە لەسەر ئاستی جیهان، بەهۆی قومارەوە ڕوویانداوە و ڕوودەدەن و تێچوونی موڵک و ماڵی بێژمار و لەناوچوونی مرۆڤیشی لێکەوتووەتەوە، بەڵام قومار هەر ماوە و پێدەچێ هەر بشمێنێ. دیارە ئاستی ڕۆشنبیری و زانایی و نەزانی هیچ پەیوەندییەکی بە قومارکردنەوە نییە، بۆ نموونە، کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانی (قومارچی)*، مامۆستا و پەروەردەکارێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتووە، کەسێکی نەرمونیانە و هەمیشە لایەنگری چاکە بووە، زیانەکانی قومارکردنیش باش دەزانێت و بەردەوام باسیان دەکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێ وازی لێ بهێنێ و خووی پێوە گرتووە. خودی دۆستۆیڤسکی خۆشی کەسێکی قومارباز بووە و خووی بە قومارەوە گرتووە و نەیتوانیوە بە ئاسانی وازی لێ بهێنێ.

دۆستۆیڤسکی، ڕۆمانی قومارچی لە ساڵی (1866 ز) نووسیوە و ڕۆمانەکە وەکو ئامۆژگارییەک دێتەپێشچاو کە باسی خراپییەکانی خووپێوەگرتنی قومار و زیانە ماددی و دەروونییەکانی دەکات، کەچی نووسەرەکە خۆی تا ساڵی (1871ز)، واتا پێنج ساڵیش دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە، وازی لە قومار نەهێناوە.

ئەوەی ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە، هەست بە شارەزایی و قووڵبوونەوەکانی دۆستۆیڤسکی دەکات لە یاریی قومار، بۆیەش توێژەرانی ئەدەبی، ئەم ڕۆمانە بە ئەزموونی خودی نووسەر دادەنێن و پێیانوایە کە دۆستۆیڤسکی باسی ژیانی خۆی دەکات، ئەو لەم ڕۆمانەدا زۆر بە وردی باسی چۆنیەتی و جۆرەکانی یاریی قومار و دۆخی دەروونیی ئەو کەسانە دەخاتەڕوو، کە لە هۆڵی قومارخانەکانن و چۆن هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و نائارامیی دەروونیدان، ئەو کاتانەی دەبەنەوە کەیفخۆش دەبن و خۆیان وا دێتە بەرچاو کە لەناو خەوندا دەژین، بەڵام کاتێک لەناکاو دەدۆڕێنن، تووشی داچڵەکندان و شکستی دەروونی و ماددی دەبن.

قومارکردن پەیوەندی بە تەمەنیشەوە نییە، ڕەنگە ئەو دیمەنەی "نەنێ" لە ڕۆمانەکەدا، گوزارشتێکی باش بێت بۆئەوەی کە قومار پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە، نەنێ پیرەژنێکی حەفتاوپێنج ساڵەیە و لە پێ کەوتووە، زۆر دەوڵەمەندە و میراتگرەکانی چاوەڕێی ئەوەن بمرێ و میراتەکەیان بۆ بمێنێتەوە، بەڵام کاتێ نەنێ دەمی بە قومارەکەوە دەبێت و تۆزێک شارەزایی لێ پەیدا دەکات، ناتوانێ وازی لێ بهێنێ، وەکو منداڵێکی هەرزەکاری لێدێت و یاریی قومار دەکات، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی پارەیەکی گەلێک زۆر دەدۆڕێنێت.

"ئەلێکسی ئیڤانۆڤیچ"، کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، مامۆستا و پەروەردەکارێکی گەنجی ڕووسییە، بە یاوەریی ژەنەڕاڵێک دەچێتە چەند وڵاتێکی ئەوروپی و لەوێ بەردەوام قومار دەکات، هەروەها دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچێکەوە بە ناوی "پاولین"، ئەو کچەش داوای لێ دەکات قوماری بۆ بکات. ژەنەڕاڵیش چاوەڕێی ئەوەیە پیرەژنەکە (واتا نەنێ) کە پووریەتی (خوشکی باوکی)، میراتی بۆ جێبێڵێ، بەڵام نەنێ لە میراتەکەی خۆی بێبەشی دەکات و بەشێکی زۆری پارەکەی بە قومار دەدۆڕێنێت.


ئەلێکسی، هەندێک جار بیر لەوە دەکاتەوە کە واز لە قومارکردن بێنێت و بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، بەڵام تا کۆتاییش ناتوانێ واز بێنێ و لێی ڕزگار نابێت، تەنانەت لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا کاتێک هەموو پارەکەی دەدۆڕێنێت، لە قومارخانەکە بە بێئومێدی دێتەدەرەوە و پارەی ئەوەی پێ نەماوە ژەمەخواردنێکیشی پێ بکڕێت، بەڵام کاتێک دەست بە گیرفانیدا دەکات، دەبینێ یەک فلۆرینی پێ ماوە، لەوێدا دەگەڕێتەوە یاری بەم یەک فلۆرینەش دەکات، واتا تا دوایین توانا و پارە، ئامادە نییە واز لەو کارەی بێنێ و دەستبەرداری بێت، ئەمەش بە "بوێری" ناو دەبات.

لەم ڕۆمانەدا کاری زۆر لەسەر ئەوە کراوە کە مرۆڤەکان، چەندە لەگەڵ یەکتر هەلپەرست و بەرژەوەندیخوازن، زۆربەی کاراکتەرەکان بەرژەوەندییەک کۆیکردوونەتەوە، کاتێکیش دەزانن بەرژەوەندییەکانیان بە یەکەوە نامێنێ، لە یەکتر دوور دەکەونەوە و جیا دەبنەوە، بە وردییش ناخ و دەروونی کاراکتەرەکان خراوەتەڕوو، بۆیە بە یەکێک لەو ڕۆمانە گرنگانە دادەنرێت کە دەشێ بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی دەروونیی سەردەمەکەی خۆی و خەڵکی ئەو سەردەمە، سوودی لێوەربگیرێ.


"قومارچی"، یەکێک نییە لە ڕۆمانە سەرەکییەکانی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی (1821-1881ز)، بەڵام یەکێکیشە لەو کارە گرنگ و قووڵانەی کە ناوەڕۆکێکی ڕاستگۆیانەی هەیە و گوزارشت لە ناخی نووسەر خۆی دەکات و بە جوانییش ئەو دۆخە دەروونییە دەخاتەڕوو کە کەسانی قومارچی تێیدا دەژین، هەروەها ڕاستگۆیانە تیشک دەخاتە سەر باری دەروونیی ئەو ڕووسییانەی لە ئەوروپان و لە بارێکی دەروونیی شڵەژاو و ناجێگیردا دەژین و زۆر جار هیچ بڕوایەکیان بەخۆیان نەماوە.

دۆستۆیڤسکی، لە ڕووی داراییەوە بارودۆخی باش نەبووە، گرێبەستی لەگەڵ خانەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوە کردووە، بۆ ئەوەی زوو ڕۆمانێک بنووسێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ڕۆمانەی بە ماوەی سێ هەفتە نووسیوە و ڕادەستی بڵاوکەرەوەکەی کردووە، یەکێک لەو هۆکارانەش کە بەهۆیەوە بارودۆخی باش نەبووە، خودی قومارکردن بووە، کەچی نە وازی هێناوە و نە بە باشەش باسی کردووە!!

*** قومارچی (ڕۆمان)- فیودۆر دۆستۆیڤسکی، وەرگێڕانی: جەوهەر مەحمود داراغا، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی دووەم 2016**



# سپێدەیەکی گوڵگوڵی..
# سپێدەیەکی ڕەنگپەڕیو



بەرزان هەستیار



بەیانییەک، بە میزاجێکی چرچ و لۆچەوە،
ئەڵێی جنۆکە دەستی لە هەنگاوم وەشاندووە،.....
خواروخێچ ئەکەومە کۆڵان ؛
منداڵانی دراوسێ، بە جانتا خەواڵووەکانیانەوە....
خلە.. خل ئەڕۆن و
ئەو ساختەچییانە بە پەرپووتییم پێئەکەنن
بەیانییەکی زۆر تایبەتە،
ڕەنگە ،شەو ، خەونم بە تۆوە بینیبێ، تۆ؛
لەگەڵ تۆمە ئەی عەرەبانە شکاوەکەی نامورادی
جەنابتان ئەڵێم ئەی پردە ڕووخاوەکەی ئاسوودەیی
بەیانییەک، وەک داروپەردووی.....
سەدان شەوی دارووخاوم بەکۆڵەوە بێ
کوورِ بوومەتەوە و حەوسەڵەم لە ئەرز ئەخشێ
ماندووم و عارەق لە نێوچەوانی هەنگاوم ئەچۆڕێ
لەو دیلە سەرشۆڕە ئەچم ....
لەگەڵ تەقینی یەکەم فیشەک ، خۆی دابێت بەدەستەوە
باشترە بڵێم، کتومت ئەڵێی ئەو سەگەم....
تەلیسمی ئێسقانێک ئەیهێنێ بە چۆکا

بەیانییەکی عەنتیکەیە،.....
دوێنێ شەو، غافڵگیر ،.......
خەونی هێندە شێتۆکە ڕەنگیان کردووم
وەختە بڕوا بە بێڕەنگیی خۆم بهێنم ؛
بەیانییەک، بە ڕوویەکی تاریک و شێدارەوە
بەسەر نازنازی حەوشەکەدا ئەنووشتێمەوە
ڕەنگ ئاو ئەدەم ، ڕەنگ،
کە پشتم ڕاست ئەکەمەوە
خەونە بێ نوێژەکانی دوێنێ شەوم، ....
بەتاڵ ،،بەتاڵ .. بەرئەبنەوە سەر ئاونگی هەرێزەکە
وڕێنەکانم بە کراسی شیفۆنی ئارامترین مۆزیکەوە
لە سای دارهەنارەکەدا بە نیوەڕووتی پاڵکەوتوون
بەیانییەکە، شتێک ڕوویداوە و منی حۆل، لێی بێئاگام
شتێک قەوماوە و ئەقڵم پێی ناشکێ
بەیانییەکە، بە سیلەی ڕەحمیش .....
ناچێتەوە سەر هیچ چەرخ و زەمانێ،
دانووی لەگەڵ هیچ کازیوەیەکدا ناکوڵێ
ئەم بەیانییە لە درزی سینەی شەوێکی تاقانەوە شەبەقی داوە
شەوێک ، تا ئەو ساتەی هەتاو وەک بەفر سپی کردەوە
شانازی بە دارستانی چڕی ئەو خەونەوە کرد
کە لە بیابانی کاکی بە کاکی بەختەوەرییمدا سەوز بوو
خەونێکە، بە لێڵی شتێکیم بیر ماوە و
بەڕوونیی ئەزانم تۆ چلچرای سەمات تیا هەڵکردبوو
خەونێکە، لەم سپێدە سەخیفەدا ، .......
فریا ناکەوم وەک ڕەشە ڕێحانە تاڵتاڵی بۆن بکەم
لەوسەری کۆڵانە تۆزاوییەکەوە .......
سەیارەی خۆڵەکە، بە میزاجێکی ”ئاوێ“ یەوە دێت و
بە کاوەخۆ، هەموو من ئەپێچێتەوە، هەموو من

**دیسەمبەری 2016 و یانیوەری 2017**
**ئەڵمانیا/ کۆڵن**

# کەوابوو، دەتەوێ ببیتە نووسەر؟

کەوابوو، دەتەوێ ببیتە نووسەر
ئەگەر کڵپە نەسەنێت،
سەرەڕای هەموو شتێک،
مەنووسە.

گەر بێ داواکردن،
لە دڵت، مێشکت، دەم و هەناوتدا هەڵنەقوڵا،
ئەوا مەنووسە.

گەر وا گەرەک بێت، بە چەند کاتژمێر ڕووبنیشیت و
سەیری شاشەی کۆمپیوتەرەکەت بکەیت،
یان بەسەر ئامێری تایپەکەتدا
کۆم بیتەوە و
بەدوای وشەکاندا وێڵ بیت،
ئەوا مەنووسە.

گەر بۆ پارەو ناوبانگ دەیکەیت،
ئەوا مەیکە،
گەر بۆ ئەوە دەیکەیت، کە شۆخێ
لەسەر سەرینەکەت بێت،
ئەوا مەیکە.
ئەگەر وا پێویست بکات، لەوێدا دابنیشیت و
دووبارە و دووبارە، بینووسیتەوە،
ئەوا مەنووسە.

ئەگەر تەنانەت هەر بیرکردنەوە لێی، قورسە لەلات،
ئەوا مەیکە.


گەر دەتەوێ وەکو هەموو خەڵکانی تر بنووسیت،
ئەوا هەر لەبیری بکە.
گەر دەشتەوێ چاوەڕێ بکەیت،
تاوەکو نەڕەی دێت و لێتەوە هەڵدەقوڵێ،
کەوایە، خۆڕاگربە و چاوەڕێ بە.
ئەگەر هەرگیزیش نەڕەی نەهات و لێتەوە هەڵنەقوڵا،
ئەوا خەریکی شتێکی تر بە.

گەر واپێویستی کرد، کە دەبێت سەرەتا بۆ هاوژینەکەتی
بخوێنیتەوە،
یان بۆ هاوڕێکەت،
یاخود بۆ باوانت و یان بۆ هەرکەسێکی تر،
کەوابوو هێشتا ئامادە نیت.

وەک هەموو نووسەرانی تر مەبە،
وەک هەزارەهای ئەم خەڵکە مەبە، کە خۆیان ناوناوە نووسەر،
بێزار و جاڕس و گێل مەبە،
مەهێڵە خۆشەویستیی خۆت، گرفتارت بکات.
کتێبخانەکانی جیهان، باوێشکیان دا،
بەهۆی کەسانی وەک تۆوە،
تۆش، ئەوەشی بۆ زیاد مەکە و
مەنووسە.

تاوەکو ئەوکاتەی مووشەک ئاسا لە ڕۆحتەوە دەردەپەڕێت،
تاوەکو بێدەنگیت، نەتبات بەرەو
شێتی، خۆکوشتن، تاوانکاری..
ئەوا مەنووسە.

کاتێکیش، ساتی ڕاستەقینە هات و
گەر پێشتر هەڵبژێردرابوویت،
ئەوکات، خۆی دەست بە نووسین دەکات و
بەردەوام دەبێت
تا ئەوکاتەی تۆ دەمریت، یان ئەو لەنێو تۆدا دەمرێت.
هیچ ڕێگایەکی تر نییە،
هەرگیزیش نەبووە.



شیعری: چارلز بۆکۆفسکی
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەنگەر حەسەن